**دیداری هەڵکەوت زاهیر لەگەڵ:**

# هونەرمەند چۆپی



**چۆپی یەکێکە لەو دەنگخۆشانەی کە توانی لە ماوەیەکی کەمدا بە چەند بەرهەمێکی هونەری رەسەن، جێی خۆی لە دڵی جەماوەری کوردستاندا بکاتەوە و توانیویەتی هەنگاوێکی باش بنێ، وتنی گۆرانی بە زمانی ئینگلیزی کە خزمەتکردنە بە کولتوور و هونەری کوردی بۆ ئەوەی بتوانێت لە رێی کارە هونەرییەکانەوە میللەتی کورد بە جیهان ئاشنا بکات. ئێمە دەخوازین کە بەنازناوی بووکە ڕازاوەکەی شاری بابا گوڕگوڕ، شاری کەرکوکی خۆشەویست ناوببرێت.**

**هەڵکەوت: چۆن هاتیتە دنیای هونەرەوە و کێ هاندەرت بووە؟**

**وەڵام:** لە تەمەنی ١٣ساڵیدا چوومە قوتابخانەی دەنگ لە هۆڵەندا بۆ ئەوەی بتوانم بەشیوەیەکی زانستییانە شارەزایی لەو بوارەدا پەیدا بکەم، لەوێ زیاتر لە هەوڵی ئەوەدا بووم تۆنەکانم پاک بکەمەوە و هەندێک لە سەرەتاکانی ئەو زانستە فێربم، بۆ ماوەی دوو ساڵ لەو قوتابخانەیەدا بەردەوام بووم و دواتر ساڵێک وانەی موزیکم خوێند"کیبۆرد". لە تەمەنی ١٦ ساڵیدا بە رێگەی هونەرمەند "جواد" ەوە کە سترانبێژێکی کوردستانی باکوورە، لەگەڵ "کۆما بەرخۆدان" ئاشنا بووم و دواییش چوومە ئەکادیمیای کوردی لە ئەڵمانیا و هەر لەوێش بە مامۆستا وریا ئەحمەد ئاشنا بووم و یارمەتی زۆری دام تا چوومە "Medya TV" بۆ یەکەم جار لە پرۆگرامی شانشین بەشداریم کرد کە بەڕێزان شاسوار پێشکەشی کرد. هاندەرەکانم باوکم بە پلەی یەکەم و مامۆستا وریا ئەحمەد و هونەرمەند بورهان موفتی بوون.

**هەڵکەوت: چۆن ئەڕوانیتە ئەمڕۆی هونەری مووزیک و گۆرانی کوردی؟**

**وەڵام:** گەشەکردنێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە، هیوادارم لە داهاتوویەکی نزیکدا، سانسۆرێک بۆ بەرهەمە بە پێزەکان دابنرێ و ئاهەنگ و کۆنسێرتەکانی دەرەوەی وڵاتیش باشتر رێکبخرێن و بایەخ بە چۆنییەتی کاری هونەری بدرێت، نەک زۆر و بۆر.

**هەڵکەوت: چ بە پێویست ئەزانی بۆ پێشخستنی هونەری کوردی؟**

**وەڵام:** لە کوردستانەوە زۆرتر بایەخ بە هونەر بدرێت و ئەو کارەش هەموومان بەرپرسیارین لیی، کاری هەموومانە و کە هەوڵی گۆڕینی بدەین.

پەیامی کورد: بۆچی ستایل لە گۆرانی کوردیدا دەستنیشان نەکراوە؟

وەڵام: نەک ستایل بە تەنها، زۆر شتی تریش دەستنیشان نەکراوە، وەزارەتی رۆشنبیری دەتوانێت لەو بوارەدا کاریگەری هەبێت.

**هەڵکەوت: لە پێشوودا هۆنراوە دەکرا بە گۆرانی، ئێستا تێکستی تایبەت بۆ گۆرانی ئەنووسرێ، رای چۆپی هونەرمەند چییە؟**

**وەڵام:** ئێستاش من هەر "هۆنراوە" دەکەم بە گۆرانی، بەڵام من پێموایە هەر بە تێکست ناوببرێت باشترە، بۆ نموونە تێکستی حەیران هۆنراوە نییە، وەک و چۆن عەرەب دەڵێن "کلمات".

**هەڵکەوت: چۆپی هونەرمەند حەز بە دەنگی کێ دەکات؟**

**وەڵام:** پێموایە هەموو گۆرانیبێژێک هۆگر و گوێگری خۆی هەیە، رێژەکان جیاوازن، هەندێک گۆرانیبێژ کە جیی خۆی دەکاتەوە، مانای ئەوەیە رێژەیەکی زۆر لە خەڵکی دەنگی ئەویان بەدڵە، گۆڕینی ئەو رێژەیە، یا کاریگەری لەسەر ئەو گۆرانیبێژە دانانرێت، چونکە ئەوە بڕیاری گوێگرە، گوێگریش یەک و دوان نین، ملیۆنن. کارگەری لەسەر هونەرەکەی، خودی هونەرمەندەکە خۆی دایدەنێت بە هەڵسوکەوت و بە چالاکیەکانی کە تا چی رادەیەک کاریگەری لەسەر خەڵک دادەنێت، لە هەڵبژاردنی ئاواز و تێکست و دابەشکردنی گۆرانییەکانی و هەڵبژاردنی موزیکژەنەکان و ستۆدیۆی دەنگ و... هتد. گەر بڵێم گوێ لە هەموو گۆرانیبێژێک دەگرم رەنگە درۆ نەبێت، ماوەیەک گوێم زۆر لە سیلندیۆن دەگرت، لە ئادەم رەمادانیش کە واتێدەگەم بە ئەسڵ ئەلبانییە. لە کوردیدا دەتوانم بڵێم گوێ لە هەموویان دەگرم، هونەرمەند عەدنان کەریم، زیاد ئەسعەد، شارییان، فاتێ و، هونەرمەندە نەمرەکان، هونەرمەندمان زۆرن ناوی چەندین بڵێم هێشتا هەر کەمم وتووە.

**هەڵکەوت: دوا بەرهەمی هونەریت چییە؟**

**وەڵام:** جگە لەوەی 4 کلیپم لەژێر کاردایە و هیوادارم یەک لە دوای یەک بڵاو ببنەوە، دوێنێش لە لەندەن گۆرانییەکم لەسەر هەڵەبجە بە ئینگلیزی تۆمار کرد، گەر لە لایەن تەلەفزیۆنەکانەوە یارمەتی بدرێم بە ئەرشیفی هەڵەبجە، بۆ ئەمساڵی یادکردنەوەی هەڵەبجە، کلیپێک دەربهێنم و ئەو کارەساتە وەبیری جیهان بێنمەوە، هەروەها خەریکی دەرهێنانی" سی دی" یەکم.

**هەڵکەوت: بیرتان لەوە نەکردووەتەوە گۆرانی ماوە درێژ بڵێن، وەک هونەرمەندی گەورەی عەرەب ئوم کەلسووم، گرفتەکان چین، تێکست نووس نییە یان گۆرانیبێژ؟**

**وەڵام:** تا ئێستا کەس ئەو گۆرانییەی بۆم دانەناوە، بەڵام وا تێدەگەم ئەوە تەنها لە هونەری عەرەبیدا هەبێت، لێرە لە ئەوروپا تا دێت گۆرانییەکان کورتتر دەبنەوە، هەندێ گۆرانی لە چوار دەقیقە کەمترە.

**هەڵکەوت: وەک هونەرمەندێک، پەیامتان بۆ هونەرمەندان چییە؟**

**وەڵام:** با ململانێکانمان بۆ ملشکاندنی یەکتر نەبێت، با لە پێناوی پێشخستنی هونەری کوردیدا بێت.

**هەڵکەوت: دوا وتەتان چییە بۆ پەیامی کورد؟**

**وەڵام:** دەستان خۆش بۆ خزمەتکردنی ئەدەب و هونەر و وشەی کوردی، رێزم بۆ خوێنەرانی ئەم چاوپێککەوتنە هەیە.■■■